کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-4-2007 23:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بکوژانی "دوعا" دەبێ دەست بە جێ بدرێنە دادگا ... سەردار عەبدوڵا حەمە

کچە یەزیدی 21 ساڵە بە ناوی" دوعا" بە تاوانی ئەوەی لاوێکی عەرەبی خۆشویستووە لە 2007/4/7 لە شارۆچکەی" بەعشیقە" لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە بەرد باران و بلۆک کێشان بە سەریدا بە شەق و لەقە لە لایەن چەند گەنجێکی یەزیدی جەلاد و خوینرێژ بە مەرگ گەیەنرا. کۆتایی بە ژیانی لاوی و خۆشەویستی و پڕ لە هیوا و ئومێدی هێنرا. ئەم تاوانە بە ڕۆژی ئاشکراو لە بەر چاوی ئاسایشەکان و پۆلیسەکانی دەسەڵاتدارانی ناسیونالیزمی کوردەوە ئەنجام درا. چەند ڕۆژێ دوای ئەو کارەساتە ئەژنۆ شکێنە مەفرەزەیەکی چەکداری عەرەب بۆسە دەنێنەوە لە سەر ڕێگای بە عشیقە و موسڵ سەرەنجام بە تۆڵەی ئەو تاوانە 21 لاوی یەزیدی دەکوژن.



بەمەش داستانێکی تری تاوانکاری ناسیۆنالیزم و ئایینەکان دژ بە بەشریەت خرایە سەر مێژووی ڕەشیان. وە سەلماندیان ئەمانە دۆستی تاریکی و جەهل و نەزانی و خورافەن دوژمنی ژیان و رووناکی و خۆشەویستی و ئارەزووی ئینسانن. ئەمە ناورۆکی کەڵچەری ئایینە کە " دوعا" ی هەست ناسك و بێ گوناە دەکوژێ. ئەمە فەرهەنگی دواکەوتووانەی ئایینی یەزیدیە کە ناسیۆنالیزمی کورد بە ناوی تاکە ئایینی ئەسڵی کورد شانازی پێوە دەکا، ئایین لە هەر رەنگ و جۆرێک بێ دژ بە ئینسانیەتە. ئایینەکان بە بیانووی جۆراو جۆر بە دەلایلی سازکراو لە گەڵ کوشتنی ئینسان و ئارەزووکانیدان.

ئەم دوو تاوانە لە ژێر سایەی هەلومەرجێکدا بە رێوە دەچێ کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی پەیامی درۆینەی ئازادی و تەمەدون و دیموکراسی غەربیان هێناوە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە وە مالیکیەکان وحەکیمیەکان و ناسیونالیزمی کوردی سەربە باڵی یەکێتی و پارتی رۆژانە ئەم درۆیە لە رێگای میدیاکانیانەوە وەک ژەهر دەرخواردی خەڵکی دەدەن. ئەمریکا و هاوپەیمانان بە هۆی داگیراکاریەوە جگە لە سازکردنی هەل ومەرجێک کە تیایدا رۆژانە سەدان کەسی نیشتەجێ ی عێراق بە کوردستانیشەوە قەتل وعام دەکرێن وە هەروەها بوونەتە هۆی بە هێز بوونی تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیستی عەرەبی و ساز کردنی شەڕی قەومی ی تایفی. ئەمەریکا جگە لە دروست کردنی زەمینەی لە ناو بردنی ئارەزووەکانی گەنج و لاو و پیر و ژن و منداڵ و نەبوونی یاساو هەرکەس شەلم کوێرم ناپارێزم چی بوێ ئەیکا کێیان بوێ ئەیکوژن و لە ناوی دەبەن چی تری هێناوە بە دیاری بۆ ئەم خەڵکە.

بەردباران کردنی ژنان تا گیان لە دەست دانیان تاوانێکە ویژدانی هەر ئینسانێ نەک درەندەکان دەهاژێنێ لە ژێر سایەی هەر دەسەڵاتێکدا بێ قیزەونە و ئەو دەسەڵاتەش دەکەوێتە ژێر نەفرەت و توورەیی خەڵک هەروەک ئەمە سوونەتی ئیسلامی سیاسی حاکم بووە لە جەمهوری ئیسلامی ئێراندا هەربۆیە ئەمرۆ کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵکی ئێران خوازیاری رووخانی ئەم حکومەتە ئیسلامیەن وە بە هەزارەها لە مامۆستایان و خوێندکاران و کرێکارانی ئەم وولاتە دێنە سەر شەقامەکان هاوار دەکەن "یا سۆشیالیزم یا بەربەریەت". دیارە ئەم دەسەڵاتە دینیە وەک بەر بەریەت حوکم دەکات بۆیە خەلک جگەلە سۆشیالیزم هیچی تریان پێ باش نیە. وە هەر ئەمەشە دەردی چارەسەری کۆمەڵگای ئێمە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
27-4-2007 23:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عێراق و کوردستان چونکە وا خەریکە بەربەریەت بە تەواوی باڵی رەشی خۆی دەکێشی بە سەر یدا.
هەر سۆشیالیزمە وەک تەنها بەدیلێک بۆ ئەم وەحشیگەریە ی لە عێراق و کوردستاندا هەیە.
بەرد باران کردنی " دوعا" پەڵەیەکی رەشە بە نێو چاوی ناسیۆنالیزمی کوردەوە چونکە لە ژیر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بە ریوە چووە. وە شەرمە کچە لاوێک بە دەلیلی خۆشەویستی بەو شێوە وەحشیانەیە بکوژرێت لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا کە خۆی ئیدیعا دەکا دەسەڵاتێکی مەدەنیە. دەبێ تاوانبارانی بکوژی ئەم کچە لاوە دەست بە جێ بدرێنە دادگا بە سزای خۆیان بگەیەنرێن دەنا دەسەڵاتداران دەکەونە بەر نەفرەت و تووڕەیی و بێزاری خەڵکی مۆتەمدین و ئازدیخوازان و سەرجەم لایەنە پێشکەوتوەکانی دونیا..

سەردار عەبدوڵا حەمە
سەرنوسەری بڵاوکراوەی (بەرەو سۆشیالیزم)
2007 / 4 / 25

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.